**Department of: زمانی کوردی**

**College of: زمان**

**University of: سەلاحەدین**

**Subject: چیرۆك و رۆمان**

**Course Book: *قۆناغی سێیەم***

**Lecturer's name: روناك صلاح على**

**Academic Year:2020-2021**

# Course Book

| | |
|---|---|
| □. Course name□ | چیرۆك و رۆمان□ |
| 2. Lecturer in charge | روناك صلاح علی□ |
| 3. Department/ College | بەشی زمانی كوردی |
| 4. Contact | e-mail:runak.ali@su.edu.krd<br>Tel: (optional)07515248771 |
| 5. Time (in hours) per week | For example Theory: 2<br>Practical:1 |
| 6. Office hours | چوار كاتژمێر (4) □ |
| 7. Course code | |
| 8. Teacher's academic profile | لە ساڵی (٢٠٠٥_٢٠٠٦) لە زانكۆی سەلاحەدین،كۆلێژی زمان ، بەشی زمانی كوردی وەرگیراوم ، و بە چوار ساڵ چوار قۆناغم تەواو كرد بە ریزبەندی سێیەم لەسەر ئاستی بەش لە ساڵی خوێندنی (٢٠٠٨_٢٠٠٩) ، و لە هەمان ساڵدا وەك یاریدەدەری توێژەر ( معیدە) لە كۆلێژی زمان دەست بەكاربووم .<br>دوابەدوای سێ ساڵ خزمەت كردن لە ساڵی (٢٠١٢) لە ماستەر لە پسپۆری ئەدەبی كوردی وەرگیراوم ، و لە ساڵی (٢٠١٤) بروانامەی ماستەرم بەدەست هێنا . ناونیشانی نامەكەم بریتی بوو لە ( هونەری فانتازیا لە چیرۆكی نوێ كوردیدا بە نموونەی چیرۆكەكانی شێرزاد حەسەن و سابیر رەشید ) و بە هەڵسەنگاندنی زۆر باشە پەسەند كرا .<br>دوای بەشداربوونم لە خولی وانە وتنەوە بۆ ماوەی دوو مانگ توانیم لە رێكەوتی ٢٠١٤/١٢/٣٠ نازناوی زانستی ( مامۆستای یاریدەدەر )م وەرگرت و لە سەر میلاكی بەشی كوردی دەست بەكاربووم ساڵێك بابەتی كوردۆلۆجیم لە هەردوو بەشی زمانی عەرەبی و ئەڵمانی گوتەوە .<br>و لە رێكەوتی ٢٠١٥/١/٥ وەك بەرپرسی تۆمار دەست بەكار بووم و تاكو ئەم كاتەش بەردەوامم لە جێ بە جێ ئەركی خۆم<br>و لە رێكەوتی ٢٠١٥/١/٥ وەك بەرپرسی تۆمار دەست بەكار بووم و تا ماوەی ساڵێك لە ئیشی خۆم بەردەوام بووم.<br>لە ساڵی (٢٠١٥_ ٢٠١٦) وانەی (ئەدەبی رۆژنامەگەری كوردی)م لە بەشی كوردی و هەروەها بابەتی كوردۆلۆجی)م لە بەشی ئەڵمانی گوتەوە. |

| | |
|---|---|
| | لە ساڵی خوێندنی (٢٠١٦ ـ ٢٠١٧) وانەی (ئەدەبی بەراورد) و وانەی (وەرگرتن و داڕشتن)م لە بەشی کوردی گوتەوە، هەروەها بابەتی (کوردۆلۆجی)م لە بەشی فارسی گوتەوە.<br>لە ساڵی خوێندنی (٢٠١٧ـ٢٠١٨) وانەی (کێشناسی)م گوتەوە.<br>بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٨ـ٢٠١٩) وانەی (ئەدەبی بەراورد) و (کوردۆلۆجی)م وەرگرتووە.<br>بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٩ـ٢٠٢٠) وانەی (چیرۆك و رۆمان) و (کوردۆلۆجی)م وەرگرتووە.<br>لە ساڵی خوێندنی (٢٠٢٠ ــ ٢٠٢١) قۆتابی دکتۆرام و وانەی (چیرۆك و رۆمان)م وەرگرتووە. |
| **9. Keywords** | |

## 10. Course overview:

چیرۆکی هونەری  یەکێکە لە بابەتە گرنگ و پڕ بایەخانەی کە شایەنی خوێندنە لە قۆناغەکانی زانکۆ بۆ گشت بەشەکان و کوردی بەتایبەتی تر، بەڵام بەداخەوەی وەکو پێویست کاری بۆ نەکراوە و لای لینکراوەتەوە، ئەگەرچی لێرەو لەوێ لەقۆناغەکانی پێشووی خوێند / ئامادیی بە کورتی و سادەی باسکراوە، دەبێت ئەمە لەبەرچاو بگیرێت ئەگەر بەشێوەیەکی زانستی لەکاتی خوێندن و بەکارهێنانی سەرچاوەکان و زانیاری پێوێست بۆ هەر هەنگاوێکی خوێندنەوە و نوسینی چیرۆك و زانینی بنەما هونەرییەکانی چیرۆك، نەکرێت، ئەوا هەم لە نوسین و هەمیش لە هەڵسەنگاندن و شەن و کەوی بابەتە رەخنەیەکان لەبارەی چیرۆك و جۆرەکانی چیرۆکەوە کرچووکاڵ و لاواز دەبێت، بایەخێکی ئەو تۆی نابێت.
لە بابەتی( چیرۆك) دا، هەوڵدەدەین قوتابیەکانمان ئاشنا بکەین بە چۆنەتی بەکارهێنان و پراکتیزەکردنی لایەنە تیۆریەکانی چیرك بنەما و توخمە سەرەکییەکان و تەکنیکەکانی چیرۆك نووسین بە شیوەیەکی زانستی و ئەکادیمی بە بەکارهێنانی بنەما زانستییەکانی نوسین و هەڵسەنگاندنی بنەما هونەری و تەکنیکە نوێکانی چیرك و کورتە چیرۆك،  وەکو: توخمەکانی شوێن و کات و گێڕانەوە و رووداو و کارەکتەر و زمان و تەکنیەکەکانی وەك: دایەلۆگ و مۆنۆلۆگ و فلاشباگ و پێشخەری و پاشخەری و گۆشەنیگا و مۆنتاژ و کۆلاژ و ....، هەروەها بنەما و تایبەتمەندیەکانی نوسەری سەرکەوتوو لە رووی داڕشتنەوە و چۆنەیەتی بەکارهێنانی هەریەك لەم توخم و تەکنیکان  و دانەوەی زانیارییەکان و خستنەرووی کێشە کۆمەلآیەتی و سیاسی و ئابووری و ئەخلاقی و ئاینی ...، هەموو ئەم زانیاری و داتایانەی سەرەوە بەشێوەیەکی کارەکی/ پرکتیکی و بەهێنانەوەی دەقی نوسەران لەگەڵ بەشداری پێکردنی قوتابیان لەناو پۆلدا دەخینەڕوو و باسیدەکەین.

## 11. Course objective:

### ئامانج لە خوێندنی چیرۆك و رۆمان:

ئامانج لە خوێندنی ئەم وانەیە، ئاگادارکردن و ئاشناکردنی قوتابیانە سەبارەت بە راستی و دروستی چیرۆك و بنەما و توخمەکان و تەکنیکە هونەریەکان و مێژوو و هۆکاری سەرهەڵدان و قۆناغەکانی چیرۆك... ، جا چ نووسینی وتار بێت، یان لێکۆڵینەوە، یان هەرجۆرە بابەتێکی دیکەبیتن. چۆنەیتی نووسینی چیرۆك  و جۆرەکانی چیرۆك  بەشێوەیەکی راست و دروست و مەبەستدار، هەروەها ئامانج و رۆڵی چۆنیەتی خوێندنەوەیەکی زانستی و ئەکادیمەیە بۆ دەقەکانی چیرۆك بەناوەڕۆکە جیاوازەکانەوەو لەلایەن نووسەرە بیانی و خۆماڵیەکانەوە. جگە لەمەش هەنگاوەکانی بەکارهێنانی توخم و تەکنیەکەکان لە بابەتێکەوە بۆ بابەتێکی دیکە لە نوسەرێکەوە بۆ نوسەرێکی دیکەش  جیاوازە.

**12. Student's obligation**

- ئامادە بوونی قوتابی لە وانەکاندا گرنگە .
- ئامادەبوونی قوتابیان لە تاقیکردنەوەکان .
- پاراستنی ئارامی لە هۆڵی خوێندن گرنگە.
- نەهاتنەژوورەوە لە دوای مامۆستا .

**13. Forms of teaching**

ڕێگاکانی وانە وتنەوە بریتین لە : داتاشۆ ، پاوەر پۆینت و بۆردی سپی .

**١٤. Assessment scheme**

**فێرخوازان دەبێت تاقیکردنەوەیەکی کتێبی داخراو ئەنجامبدەن، کە (١٥)نمرەی لەسەرە و لەگەڵ (١٥)نمرەکەی تاقیکردنەوەی دووەم کۆدەکرێتەوە، (١٠)نمرەی تریش لەسەر چالاکی ناو پۆل ، کەواتە ئەمانە بە گشتی نمرەی کۆششی ساڵانەی قوتابی پێکدێنن کە دەکاتە (٤٠)نمرە،تاقیکردنەوەیەکیش لە کۆتایی ساڵدا ئەنجام دەدرێت کە (٦٠) نمرەی لەسەرە، لەگەڵ (٤٠) نمرەکەی کۆششی ساڵانەدا کۆدەکرێتەوە.**

**کەواتە نمرەی گشتی ساڵانە بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش دەکرێت:**

**ــ تاقیکردنەوەی یەکەمی ساڵانە ١٥٪**

**ــ تاقیکردنەوەی دووەمی ساڵانە ١٥٪**

**ــ چالاکی رۆژانە ١٠٪**

**ــ تاقیکردنەوەی کۆتایی ٦٠٪**

15. Student learning outcome:

**دەرئەنجامەکانی فێربوون، لەودا دەردەکەویت کە چەن بەدواداچەنیان دەبیت لەسەر ئەو سەرچاوانەی پەیوەندیان بە باتەکەوە هەیەو لە گەل زانیاری دەرەکیان لە بواری گشتی بابەتەکان**

١٦. Course Reading List and References:

**١.شیواز لە کورتە چیرۆکی کوردی (سەلیم رەشید)**

**٢.بینای شوین لە رۆمانی کوردی (تانیا ئەسعەد)**

**٣. چیرۆکی نویی کوردی (حەسەن جاف)**

**٤. تەکنیکی گۆشەنیگا لە رۆمانەکانی بەختیار عەلی(مستەفا سالح)**

**٥. گیرانەوە لە رۆمانەکانی عەبدوللا سەراج (ریزان رەحمان)**

**٦. بەرەو ئاستانەی رۆمان(عەبدوللا سەراج)**

**٧. چیرۆکی هونەری کوردی (حسین عارف)**

**٨. کاروباری گیرانەوە (زاهیر رۆژبەیانی )**

٩.لێکۆڵینەوەی کورتە چیرۆکی کوردی لە کوردستانی باشووردا ١٩٧٠-١٩٨٠ (ئیبراهیم قادر محەمەد)

١٠. بیناى هونەرى چیرۆکی کوردی لەسەرەتاوە تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی، پەرێز سابیر

| 17. The Topics: | Lecturer's name |
|---|---|
| هەفتەی یەکەم/ زاراوە و پێناسەی چیرۆك<br><br>هەفتەی دووەم / مێژووی سەرهەڵدانی چیرۆك لە ئەدەبیاتی ئەوروپیدا<br><br>هەفتەی سێیەم / مێژووی سەرهەڵدانی چیرۆکی کوردی<br><br>هەفتەی چوارەم / بۆ چوونەکانی سەرهەڵدانی یەکەم چیرۆک<br><br>هەفتەی پێنجەم / قۆناغەکانی سەرهەڵدان و بەرەوپێش چوونی چیرۆکی کوردی ( قۆناغی یەکەم تا قۆناغی چوارەم)<br><br>هەفتەی شەشەم / قۆناغەکانی شەرهەڵدان و بەرەوپێش چوونی کوردی (قۆناغی پێنجەم تا حەوتەم)<br><br>هەفتەی حەوتەم / جۆرەکانی چیرۆك<br><br>هەفتەی هەشتەم / توخمەکانی چیرۆك (پێناسە و ئەرکی گێرانەوە)<br><br>هەفتەی نۆیەم / جۆرەکانی گێرانەوە (هەمووشتزان)<br><br>هەفتەی دەهەم / جۆرەکانی گێرانەوە (هەمان شتزان و کەم شتزان)<br><br>هەفتەی یازدەم / پێناسەی کارەکتەر و سەرچاوەی کارەکتەر<br><br>هەفتەی دوازدەم / جۆرەکانی کارەکتەرلە رووی ئەرکەوە<br><br>هەفتەی سێزدەم / جۆرەکانی کارەکتەر لە رووی پێکهاتەوە<br><br>هەفتەی چواردەم / توخمەکانی چیرۆک (٣. شوێن و پۆلینکردنیان)<br><br>هەفتەی پازدەم / جۆرەکانی شوێن<br>هەفتەی شازدەم / توخمەکانی چیرۆک (٤. کات و جۆرەکانی)<br>هەفتەی هەڤدەم/ توخمەکانی چیرۆک (٥. رووداو و بەشەکانی)<br>هەفتەی هەژدەم/ بەشی ناوەراست و کۆتایی (داخراو و کراوە)<br>هەفتەی نۆزدەم/ پێناسە و مێژووی سەرهەڵدانی رۆمان لە جیهاندا<br>هەفتەی بیستەم/ مێژووی سەرهەڵدانی رۆمانی کوردی | ناوی وانەبێژ : روناك صلاح علی<br><br>هەر وانەیەك پێویستی بە دوو سەعات هەیە لە یەك هەفتەدا |

| | |
|---|---|
| هەفتەی بیست و یەکەم/ هونەرەکانی چیرۆک و رۆمان (١.وەسف)<br>هەفتەی بیست و دووەم/ هونەرەکانی چیرۆک و رۆمان (٢. دیالۆگ)<br>هەفتەی بیست و سێیەم/ هونەرەکانی چیرۆک و رۆمان (٣. مەنەلۆگ) | |
| 18. Practical Topics (If there is any) | |
| نییــــــــــە | نییــــــــــە |

19. Examinations:

1. Compositional:

بکە ؟ کوردی چیرۆکی گەشەسەندنی قۆناغی لە دووەم قۆناغی باسی:پرسیار

**وەڵام:** قۆناغی دووەم: قۆناغی پەیدابوون ١٩٢٥-١٩٣٩:

لەم قۆناغەدا زۆربەی لێکۆلەران و رەخنەگران چیرۆکی کوردی، چیرۆکی لە خەومای جەمیل سائیب بەسەرەتای پەیدابوونی چیرۆکی هونەری کوردی دادەنێن و ئینجا دوای لە خەوما لە ساڵی (١٩٢٧) چیرۆکی (مەسەلەی ویژدان)ی ئەحمەد موختار جاف دێت کە شێوەیەکی هونەری بە چیرۆکی کوردی بەخشی. چەند چیرۆکنووسێکی دیکەش لەم قۆناغەدا بەدیارکەوتن و بەرهەمی چیرۆکی خۆیان لە گۆڤار و رۆژنامەکانی ئەوسا بڵاوکردۆتەوە وەک(پیرەمێرد، حوسێن حۆزنی موکریانی، مەحەمەد عەلی کوردی). سیمای چیرۆکی ئەم قۆناغە وەک سەرەتای سەرهەڵدانی چیرۆکی عیراقی عەرەبی خەونئامێزە.

2.True or false type of exams:

پرسیار: لەکورتە چیرۆکدا، ماوەی گێرانەوە زۆر کورتە و کارەکتەرەکانی لە یەک یان دوو کەس تێناپەری. ژمارەی وشەکان لە بواری مەنەلۆگ و وەسفی درێژ و جێگۆرکێی فرە و خێرا و ململانێی تێدا نابێتەوە.

هەڵەیە :وەڵام ☒

٣. Multiple choices:

پرسیار: لە چیرۆکگێرەوەی ـــــــــــــ راناوی کەسی سێیەم بەکار دێت.

هەمووشتزان :وەڵام

20. Extra notes:

**نییـــــــە**

| |
|---|
| ٢١. Peer review : |